زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

حكومەتی هەرێمی كوردستان

زانكۆی سەلاحەدین

كۆلێژی ئەدەبیات

بەشی كۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم– كۆرسی دووەم

كۆمەڵناسی پەروەردە

**Sociology of education**

# تێگەیشتن لە كۆمەڵناسی پەروەردە

2022/2023


Dilshad Siamand

MSc University of Southampton/England

PHD  Salahaddin University/Hawler,

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە بریتین لە

- کۆمەڵناسی چییە؟
- پەروەردە چییە؟
- جۆرەکانی پەروەردە چین؟
- کۆمەڵناسی پەروەردە چییە؟
- سەرچاوەکان

# کۆمەڵناسی چییە؟

- کۆمەلناسی زانستی گرنگی دانە بە خوێندنی گرووپ و کارلێکی نێوانیان، کۆمەلگەکان، دەزگاکانی کۆمەلایەتی\ کۆمەڵناسی گرنگی دەداتە دیراسەکردنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی گرووپ، لەوانە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایینی...هتد\ هەموو کۆمەلگە جیاوازەکانی جیهان لەژێر توێژینەوە کۆمەڵناسییەکاندان و کۆمەڵناسی لە هەموو جۆرە کۆمەلگەیەکی دیاریکراوە دەکۆلێتەوە چ کۆمەلگە سەرەتاییەکان تاکو دەگاتە ئەو کۆمەلگا مۆدرێنانەی دوای شۆرشی پیشەسازی دروستبوون لەوانە کۆمەلگە ئەورووپی و ڕۆژئاواییەکان\ کۆمەڵناسی لە هەموو دەزگاکانی کۆمەلایەتی دەکۆلێتەوە لەوانە خێزان، ئابووری، سیاسی، ئایینی، سەربازی، پەروەردە...هتد
- کۆمەڵناسی زانستی خوێندنی ئەو گرووپەیە لە خەلک کە لە شوێنێکی دیاریکراوی جوگرافی دەژین کە هەمان کولتووریان هەیە. هەموو ئەو کۆمەلگەیانەی کە دەولەتیشنین دەچنە چوارچێوەی خوێندنی کۆمەلناسی لەوانە هەرێمی کوردستان
- بەشێوەیەکی کورت و پوخت، کۆمەلناسی زانستی لێکۆلینەوەیە لە کۆمەڵگە. لە چوارچێوەی دەزگا کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگەیەک، کۆمەڵناسی لە دەزگای پەروەردە دەکۆلێتەوە لە سەرجەم کۆمەلگاکاندا

# پەروەردە چییە؟

- بە گوێرەی ئیمیل دۆرکهایم پەروەردە بریتییە لە ئامرازی ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆمەلگە، کە لە قۆناغە سەرەتاکاندا مرۆڤ فێری دیسپلین دەکات و پرۆسەی بەکۆمەلایەتیبوون لە نێوان تاکەکان بەرجەستە دەکات و دەبێتە هۆی گواستنەوەی کولتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.
- ئەنتۆنی گیدنیز پێیوایە، پەروەردە دەزگایەکی کۆمەلایەتیە کە هانی نەوەی نوێ دەدات بۆ فێربوونی سکێلی نوێ و فراوانبوونی زانیاری تاکەکان. لە زۆربەی دەزگا کۆمەلایەتیەکاندا پەروەردە و فێربوون هەیە.
- پێناسیەکی تر :پەروەردە بریتییە لە پرۆسەی کارلێک و ململانێ و کێبرکێ لە نێوان نەوەی نوێ، شوێنی ئەم پرۆسەیەش دەزگایەکی ئالۆز و فرە پێکهاتەیە کە پێی دەلێن ناوەندەکانی خوێندن
- پەروەردە دەزگاکی کۆمەلایەتییە، مندال فێری سکێل و زانیاری و کولتوور دەکات . هەر کۆمەلگایەک سیستەمێکی تایبەت بە پەروەردەی هەیە و جیاوازە لە سیستەمی ئەوانی دیکە.

# جۆرەکانی پەروەردە چین؟

- پەروەردەی ڕەسمی: پەروەردە لە ڕێگەی ڕاستیە زانستیە سەلمێنراوەکان و ئەکادیمییەکان دەگرێتەخۆ\ لە پرۆسەی پەرەروەردەیدا میتۆد و ڕێگەکانی زانستی بەکاردەهێنرێن\ ئەم شێوازەی پەروەردە لە دامەزراوەوە و ناوەندە ڕەسمیەکان بەکاردێت\ مێژووی ئەم پەروەردەیە لە ڕۆژگاری بیرمەند و زاناکانی یۆنانی کۆنەوە دەستی پێکردووە و تاکو ئێستا بەردەوامە بەلام بە فۆرمی جیاواز و پێشکەووتوو.
- پەروەردەی نارەسمی\ تاک فێری نەریت و بەها و کولتووری کۆمەلگە دەکات\ ئەم پەروەردەیە زیاترینی لە مالەوە ئەنجامدەدرێت\ زۆرجار تاک دەتوانێت لە دەرەوەی دەزگای پەروەردەی فەرمی، ئامراز و پەرتووکەکانی دەزگای فەرمی بەکاربێنێ\ بەگشتی پەروەردە لە ڕێگەی خێزان هاورێ و کەسە نزیکەکانەوە دەبێت.

# کۆمەڵناسی پەروەردە چییە؟

- کۆمەلناسی پەروەردە بریتییە لەو لقەی زانستی کۆمەلناسی کە دەکۆلێتەوە لە پەیوەندی نێوان پەروەردە و کۆمەلگەیەک بەشێوەیەکی کۆمەلناسیانە. بۆ لێکۆلینەوە لە بابەتەکانی کۆمەلناسی پەروەدە، توێژەرەکان هەمان میتۆد و ڕێگەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی بەکاردەهێنن.
- کۆمەلناسی پەروەردە گرنگی دەداتە لێکۆلینەوەی کاریگەری ژیانی کۆمەلایەتی و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان لەسەر پێشکەوتنی کەسایەتی تاک\کۆمەڵناسی پەرەردە لە چۆنیەتی ژیانی تاک دەکۆلێتەوە و ڕۆلی کەسەکانی دیکە لە ژیانی تاک لە پرۆسەی پەروەردە دەخاتە ژێر لێکۆلینەوە بۆ نموونە ڕۆلی خێزان، مامۆستا، هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی دیکە
- کۆمەلناسی پەروەردە، تیشک دەخاتە سەر لایەنە کۆمەلایەتیەکانی دیاردە و دامەزراوە پەروەردەییەکان \هەموو ئەو دیاردە کۆمەلایەتیانەی لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا هەیە بابەتی لێکۆلینەوەی کۆمەڵناسی پەروەردەن
- کۆمەڵناسی پەروەردە لە کاریگەری و ڕۆلی دەزگای سیاسی، ئابووری، ئایینی، سەربازی هتد ...لەسەر پەروەردە دەکۆلێتەوە و پەیوەندی نێوانیان دەستنیشان دەکات

# سەرچاوەکان

Abercrombie, N. and et al (1994). *The Penguin dictionary of Sociology 3rd*. England: Penguin Group.

Bryman, A. (2012). *Social Research Methods 4th*. Oxford: Oxford University Press.

Bruce, S. and Yearley,S. (2009).*The Sage Dictionary of Sociology*. London: SAGE Publications.

Barnes, M.G. (1977). Emile Durkheim's Contribution to the Sociology of Education, *The Journal of Educational Thought,* 3(11).

Giddens, A. (2009). *Sociology 6th* . Cambridge: Polity Press.

Giddens, A. (1971). *Capitalism and modern social theory: an analysis of the writings of Marx, Durkheim and Max Weber*. Cambridge: Cambridge university press